# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

### پێنجەم راپۆرت: کێشەی وانە زانستییەکان لە ناوەندەکانی خوێندنی گەرمیان

شوباتی 2018

1/3/2018

## پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


## بەشی یەکەم: ناساندن

1 . پێشەکی

2.کارنامەی یەکەکە

3.ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

بۆ مانگی یەکەمی کارکردنی ئەم پرۆژەیە، بۆ بەشی پەروەردە، پرسی ژمارەو جۆر و دابەشبون و کێشەی بینای خوێندنگەو قوتابخانەکانمان کردوە بە تەوەری باس، لەبواری تەندروستیش دا، کێشەی کەمی یان نەبونی پزیشک لە گەرمیانمان دیارییکردوە، ئەمەش بەوهۆیەی کە دو پرس و بابەتی گرنگ و لەهەمان کاتیشدا ئاڵۆز و هەستیارن. ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

یەکەم: ناساندن

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

**دوەم: ئامانجی یەکە**

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

**سێیەم: کارەکانی یەکە**

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

**چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە**

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوە بپارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

1. دەستپێک
2. ئاماری قوتابخانە و تاقیگە لە سنوری پەروەردەی کەلار
3. قەبارەی کێشەکە
4. کاریگەری نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی لە ناوەندەکانی خوێندن
5. هۆکاری نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی لە ناوەندی گوندەکان
6. بۆچونی بەرێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە سەر نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی
7. بۆچونی بەرێوبەرانی پەروەردە لە سەر خوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی لە ناوەندەکان

### 1. دەستپێک:

بابەتە زانستیەکان بەشێکی گرنگی پرۆسەی خوێندن پێکدەهێنن و لە وانە گرنگەکانی قوتابخانەن و ئەم بابەتانەش پێویستیان بە کۆمەڵێک پێداویستی تاقیگەی هەیە بۆ شیکردنەوەی بابەتەکانیان.

گرفتی نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ناوەندەکانی خوێندن یە کێکە لە گرفتە دیارەکانی کەرتی پەروەردە و لە پاش قەیرانی دارایی گرفتەکە زیاتر قوڵ بوەتەوە، هۆکار زۆرە بۆ ئەوەی کە رێگر بێت لە نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی.

یەکێک لەو هۆکارانە نەبونی پێداویستی تاقیگەیە لە ناوەندەکانی خوێندن یاخود هەر نەبونی تاقیگەیە لە ناوەندەکان و بەو هۆیەشەوە زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت نەک پراکتیکی، ئەمەش کاریگەری زۆری بەسەر خوێندکاران بە جێهیشتوە و بەتایبەت بۆ قۆناغی زانکۆ، چونکە لەو قۆناغە زۆربەی بابەتەکان بە پراکتیکی دەخوێندرێت.

## 2. ئاماری قوتابخانە و تاقیگە لە سنوری پەروەردەی کەلار

بە پێی ئەو ئاماری بەرێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار بۆ ساڵی (2016-2017) سەبارەت بە ژمارەی تاقیگەکان لە ناوەندەکانی خوێندن بەم شێوەیەیە.

| ژمارە | تاقیگەی هەیە | تاقیگەی نیە |
|---|---|---|
| لە کۆی 36 قوتابخانەی ئامادەیی | 10 | 16 |
| لە کۆی157 قوتابخانەی بنەڕەتی | 0 | 157 |

بە پێی ئەو ئاماری بەرێوبەرایەتی پەروەردەی کفری بۆ ساڵی (2016-2017) سەبارەت بە ژمارەی تاقیگەکان لە ناوەندەکانی خوێندن بەم شێوەیەیە.

| ژمارە | تاقیگەی هەیە | تاقیگەی نیە |
|---|---|---|
| لە کۆی 13 قوتابخانەی ئامادەیی | 4 | 9 |
| لە کۆی 54 قوتابخانەی بنەڕەتی | 7 | 47 |

لەکۆی ئەو (13) قوتابخانە ئامادەییانەی لە سنوری پەروەردەی کفریدا هەیە (3) ئامادەییان پیشەیین.

## 3. قەبارەی کێشەکە:

نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی هۆکاری زۆری هەڵگرتوە، دیارترینی ئەو گرفتانە نەبونی پێداویستی تاقیگەیە لە ناوەندەکانی خوێندن، هەروەها زۆری پرۆگرامی خوێندن کە لەگەڵ کاتی خوێندن ناگونجێت.

رازاو جەبار محەمەد، مامۆستای فیزیا لە قوتابخانەی ئامادەیی (پێبان) لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: "بە هۆی ئەوەی لە تاقیگەکەماندا گرفتی نەبونی پێداویستیمان هەیە، بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی کەمتر دەخوێندرێن زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت لە نێویشیاندا فیزیا، لە گەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەی مەنهەجەکە زۆرە و کات کەمە کەمتر گرنگی بە لایەنی پراکتیکی دەدرێت بە تایبەت پۆلی دوازدەکان".

وتیشی: "بەهۆی ئەوەی بابەتی فیزیا شیکاری زۆری تێدایە و مەنهەجەکە زۆرە، تەنها هەوڵدەدرێت کتێبەکە تەواو بکرێت وەک لەوەی کە پێویستیشە بە پراکتیکی بخوێندرێت بۆ ئەوەی خوێندکارەکان سودی لێببینن، ئەگەرچی لە تاقیگەکەماندا کەرەستەی فیزیایی شتێکی وامان نیە شایەنی باسکردن بێت".

یەکێک لە هۆکارەکان بۆ نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی لە ناوەندەکان، نەبونی تاقیگە و پێداویستیەکانیەتی.

سیروان عەلی قادر، مامۆستای زیندەوەرزانی لە قوتابخانەی ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "تارادەیەکی زۆر بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکان بە پراکتیکی ناخوێندرێن، بەهۆی نەبونی پێداویستی لە تاقیگەکاندا، ئەگەرچی هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە زیندەوەرزانی زیندون دەتوانرێت ببینرێت، بەڵام ئەوانەی پەیوەستە بە تاقیگەوە گرفت هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گرفتی کاتمان هەیە ناتوانرێت لە یەک کاتدا هەم بە پراکتیکی و هەم بە تیۆری بخوێندرێت بە هۆی زۆری مەنهەجەکە و زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت".

وتیشی: "ئێمە ئامێری (داتاشۆ)مان هەیە و زۆر جار لە رێگەی ئینتەرنێتەوە ڤیدیۆی ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە زیندەوەرزانیەوە نیشانی خوێندکارەکانمی دەدەم، ئەگەر چی گرفتی کارەباشمان هەیە و زۆر جار نیە".

یەکێکی تر لە هۆکارەکان کە رێگرە لەوەی کە زیاتر گرنگی بە لایەنی تیۆری بدرێت وەک لە پراکتیکی، زۆری مەنهەجی خوێندنە کە دانراوە، مامۆستایان زیاتر هەوڵ دەدەن مەنهەجەکە تەواو بکەن.

خەبات ئەحمەد عەلی، مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی (پێبان) لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە بەهۆی ئەوەی کە پێداویستیەکانی وەک پێویست نین و شتێکی ئەوتۆمان نیە ناتوانین بە پراکتیکی بخوێنین، بۆیە

زیاتر پشت بە تیۆری دەبەستین بە تایبەت بۆ پۆلی دوانزەکان، چونکە مەنهەجەکەی زۆرە و دەبێت تەواو بکرێت، ئەمەش وایکردوە زیاتر بە تیۆری بخوێندرێت".

وتیشی: "ئەوەی لە سەرمان بێت دەیکەین بۆ تێگەیاندنی خوێندکارەکانمان هەرچەند قورس بێت، بەڵام ئەگەر بوار بدرێت بە پراکتیکی بخوێندرێت ئەوا زۆر باش دەبێت، ئەگەرچی چەندین جار داوای پێداویستیمان کردوە لە کۆتایدا تەنها (داتاشۆ)یەکیان بۆ دابین کردین".

بەهەمان شێوە، عیماد ئەدهەم مەجید، مامۆستای فیزیا لە ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری، دەڵێت: "بە هۆی نەبونی پێداویستیەوە لە تاقیگەکاندا و هەوڵدان بۆ تەواوکردنی مەنهەج کە زۆرە و بە شێوەیەک دانراوە کە پێویستە زیاتر بە تیۆری بخوێندرێت، وایکردوە نەتوانین بە پراکتیکی وانەکان بە خوێندکارەکان بخوێنین".

وتیشی: "لە تاقیکردنەوەکان دا تەنها تیۆری هەیە و پراکتیکی نیە تا ببێت بە ناچاری (اجباری) بخوێندرێت، ئەمەش وایکردوە لایەنی پراکتیکی کەمتر گرنگی هەبێت لە ناوەندەکانی خوێندن، لەگەڵ ئەوەش کەمی بینا و زۆری خوێندکار لە ناوەندەکان هۆکارێکی ترن کەوایکردوە هەندێک لە تاقیگەکان بکرێن بە پۆل".

ئەگەرچی پێداویستی بەسەر ناوەندەکان دابەشکراوە لە ساڵانی رابردو، بەڵام لە دابەشکردنەکەیدا کەموکورتی هەبوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە لە لایەن کەسانی پسپۆڕەوە نەکراوە بۆیە ئێستا گرفتی بۆ ناوەندەکان دروست کردوە.

سەعدوڵڵا محەمەد حسێن، مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "لە ناوەندەکان کەمتر بە پراکتیکی دەخوێندرێت بۆ ئەمەش هۆکار زۆرە، یەکێک لەوانە نەبونی پێداویستی تاقیگەیە لە ناوەندەکان کە گرنگترین هۆکارە بۆ ئەوەی بە پراکتیکی نەخوێندرێت، ئەگەرچی ساڵانی پێشتور پێداویستی دابەشکرا، بەڵام کەموکورتی هەبو لە دابەشکردنەکە بە هۆی ئەوەی کەسێکی شارەزا و نزیک لە بوارەکە ئەوەی نەکردبو یان سەیری مەنهەجەکە نەکراوە، ئەمەش وایکردوە کە زیاتر بە تیۆری بخوێندرێت".

وتیشی: "یەکێکی تر لە هۆکارەکان مەنهەجەکەیە کە زۆر بە قورسی دانراوە کاتی زۆری دەوێ بۆ ئەوەی تەواو ببێت، ئێمە لە ماوەی ساڵێک کیمیا بە نمونە وەربگرین کە خۆی بە (110) بەشە وانە تەواو دەبێت، ئەگەر ئێمە دەوامێکی تەواو و بێگرفتیش بکەین دەتوانین (90) بەشە وانە بخوێنین، کەوایە لێردا (20) بەشە وانە دەڕوات، بۆیە ئەگەر بێت و ئێمە بە پراکتیکی بخوێنین لەگەڵ تیۆریەکە ئەوکات دەتوانین تەنها (50) بەشە وانە بخوێنین، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە زیاتر گرنگی بە لایەنی تیۆری بدرێت".

بەهۆی نەبونی تاقیگەی پێویست لە ناوەندەکان مامۆستایان پەنا دەبەنە بەر کورتە ڤیدیۆی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە و لە رێگەی ئامێری داتاشۆوە بابەتەکانیان پیشانی فێرخوازان دەدەن.

ئەشرەف عەباس مستەفا، مامۆستای زیندەوەرزانی لە قوتابخانەی ئامادەیی (دۆغان) لە قەزای کفری دەڵێت: "بە هۆی نەبونی تاقیگە و پێداویستیەکانی لە ناوەندەکان نەک ئێمە بەڵکو تەواوی ناوەندەکان بە کەمی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی دەخوێندرێت و زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت، ئەگەرچی ئێمە تاقیگەیەکی بچوکمان هەیە و خاڵییە لە پێداویستی، لە کاتێکدا زیندەوەرزانی هەموی پراکتیکیە".

وتیشی: "ئێمە (داتاشۆ)یەکمان هەیە بەڵام (لاپتۆپ)مان نیە، هەندێک جار خۆم دەیهێنم و لە رێگەی ڤیدیۆوە هەندێک لەو بابەتانەی پەیوەندیدارە بە زیندەوەرزانی پیشانی خوێندکارەکانی دەدەم، ئەگەرنا بە شێوەیەکی گشتی هەر بە تیۆری دەخوێنین".

مامۆستایان پێیانوایە نەخوێندنی وانە زانستیەکان تەنها لە گەرمیان دا کورت نەبوەتەوە، بەڵکو تەواوی کوردستان بەو شێوەیە و گرنگی بە خوێندنی پراکتیکی نادرێت.

ئارام عەبدولخالق، مامۆستای فیزیا لە قوتابخانەی ئامادەیی (رزگاری) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "پرۆگرامی خوێندن نەک لای ئێمە، بەڵکو لە تەواوی کوردستان تیۆرییە و بە پراکتیکی ناخوێندرێت، بە هیچ شێوەیەک سەریش ناگرێت ئەگەر هەبێت، بەهۆی ئەوەی ئامێری تاقیگەیمان هەیە لەگەڵ مەنهەج ناگونجێت، ئەگەرچی ئامێرەکان هێندە بەکار نەهێنراون هەموی کۆن بون".

بەشێک لە مامۆستایان بۆ ئەوەی خوێندکارەکانیان ئاشنا ببن بە پێداویستیەکانی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی لەسەر ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بە بردنی هەندێک ئامێر و مەوادی تاقیگەی تاوەکو زانیارییان هەبێت و لە نزیکەوە ئاشنای ببن."

ئارام عەبدولخالق، لەوبارەوە وتی: "هەندێک شتی سەرەتایی لەسەر ئەرکی خۆم دەیبەم بۆ خوێندکارەکان تەنها بۆ ئەوەی پێی ئاشنا ببن بۆ قۆناغی زانکۆیان، بەڵام ئەوەش وەک پێویست نیە."

ئەرکان عەبدوڵڵا، مامۆستای زیندەوەرزانی لە قوتابخانەی ئامادەیی (هاوکاری) لە کەلار، دەڵێت: "لە روی پراکتیکیەوە رەوشی بابەتە زانستیەکان باش نیە، چونکە هیچ پێداویستیەکی تاقیگەی لە بەردەستدا نیە بە تایبەت بۆ پۆلی 12 بە تایبەتتر زیندەوەرزانی کە هەموی پراکتیکیە و دەبێت بەو شێوەیەش بخوێندرێت".

وتیشی: "تەنها (داتاشۆ)یەکمان هەیە، بۆیە من لە سەر ئەرکی خۆم هەندێک ئامێرم برد و پیشانی خوێندکارەکانم دان و پێم ئاشنا کردن کە چۆن فەحس دەکرێت و فەحسی خوێنمان کردوە، ئەمەش زۆربەی ناوەندەکان نیانە و هیچ گرنگی بە لایەنی پراکتیکی نادرێت و زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت".

ئەگەرچی لەو ناوەندانەی کە بە پێی ستانداردی جیهانی دروستکراون و تاقیگەی بۆ دابین کراوە، بەڵام ئەو تاقیگانە زانستی نین و بەکەڵکی سوتاندنی مەوادی کیمیای نایەن.

خالد حەسەن حسێن، مامۆستای کیمیا لە قوتابخانەی ئامادەیی (ئاراراتی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە ئەوەی هەیە و دەیخوێنین هەر تیۆرییە و بە پراکتیکی ناخوێنین، هۆکاریش زۆرە بۆ ئەمە نەبونی پێداویستی تاقیگە و زۆری مەنهەج و کەمی کات کە بۆ هەر وانەیەک (40 بۆ 45) خولەکە، هەروەها کەمی بینا و زۆری خوێندکار لە ناوەندەکان هۆکارێکی ترە".

وتیشی: "ئەگەر تاقیگەش هەبێت تەنها ژورێکە و هیچی کە، چونکە مادەی کیمیای پێویستی بە سوتان هەیە و ناکرێت لە شوێنێک کەرەستەیەک بسوتێنرێت کە خاڵی بێت لە پێداویستی".

ئاماژەی بەوەشکرد: "تەنانەت ئێستا لە پۆلی دوانزەکان وای لێهاتوە کە تەنها پرسیارەکانی ساڵ دەخوێندرێت و کەمتر گرنگی بە کتێبەکەش دەدرێت بە هۆی زۆری مەنهەجەکەوە چ جا بە پراکتیکی بخوێندرێت."

هەندێک لە شارەزایانی پەروەردە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لە قۆناغی ئامادەییەوە پسپۆرییەکان جیا بکرێتەوە و تەنها ئەو بابەتانە بخوێندرێن کە پەیوەستن بە پسپۆرییەکەوە لە بری چەند بابەتێکی جیاواز.

هەڤاڵ مەحمود، مامۆستای فیزیا لە قوتابخانەی ئامادەیی (ئەحمەد موختاری ئێواران) لە کەلار، دەڵێت: "نەبونی تاقیگە و پێداویستیەکانی بەتایبەت بۆ وانەی فیزیا کە چەندی تیۆرییە دو هێندەی پراکتیکیە هیچ گرنگی پێنادرێت و ئەمەش گرفتی بۆ تێگەشتنی خوێندکار دروست کردوە".

وتیشی: "باشترین رێگە چارە بۆ ئەوەی کە گرنگی بە لایەنی پراکتیکی بدرێت لە قۆناغی ئامادەیی پسپۆرییەکان جیا بکرێتەوە وەک وڵاتانی دەرەوە کە تەنها بابەتێک دەخوێندرێت لە بری چەند بابەتێک."

جیاواز لە قۆناغی ئامادەیی کە روبەروی گرفتی نەخوێندنی وانە زانستیەکان بونەتەوە لە روی پراکتیکیەوە، قۆناغی بنەرەتی نەک هەر بە پراکتیکی ناخوێندرێن، تەنانەت بێبەشن لە تاقیگەش.

نەوزاد رەحیم نەریمان، مامۆستای زیندەوەرزانی لە قوتابخانەی بنەڕەتی (شەم) لە کەلار، دەڵێت: "بابەتە زانستیەکان کە بوە بە کتێبێک لە قۆناغی بنەڕەتی هیچ بە پراکتیکی ناخوێندرێت، بە هۆی ئەوەی کە تاقیگەمان نیە، بۆیە هەر بە تیۆری دەخوێنین".

وتیشی: "ئەگەر بە پراکتیکی بخوێندرێت ئەوا خوێندکار وزەی زیاتری دەبێت بۆ وانەکە و ئاستی تێگەشتنی باشتر دەبێت لە تیۆرییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتەی کە بە پراکتیکی دەخوێندرێت لە بیریان ناچێتەوە".

سالار یاسین حسێن، مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی (بەردەسور) لە کەلار، دەڵێت: "لە ناوەندەکانی خوێندن وەک مەنهەج هیچ بە عەمەلی ناخوێندرێت، ئەوەی کراوە تەنها هەندێک شتی سەرەتاییە و ئەمەش کاریگەری خراپی لە سەر خوێندکار دەبێت، لەگەڵ ئەوەش تاقیگەیەکمان هەیە بە ناو و هیچ پێداویستی تێدا نیە".

وتیشی: "2 شت لە پرۆگرامی خوێندنی خۆمان یەک ناگرێتەوە: کەمی کات و زۆری مەنهەج، بەتایبەت لە ئێستادا کە بایکۆتە و دۆخی دارایی خراپە، بۆیە زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت وەک لە پراکتیکی".

## 4. کاریگەری نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی لە ناوەندەکانی خوێندن:

نەخوێندنی وانە زانستیەکان بە شێوەیکی پراکتیکی کاریگەری زۆری بەسەر خوێندکارانی ناوەندەکانی خوێندن بە جێهێشتوە، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکارانی زانکۆش بێبەش نەبون لەو کاریگەرییە بەهۆی ئەوەی کە لە زانکۆ وانە زانستیەکان بە پراکتیکی دەخوێندرێت گرفتی زۆری بۆ دروست کردون.

پەیام ئیسماعیل، خوێندکاری پۆلی 11ی زانستی لە کەلار، دەڵێت: "نەخوێندنی وانە زانستییەکان بە پراکتیکی گرفتی زۆری بۆ دروستکردوین و بە تیۆری هیچ سودێکی ئەوتۆی نیە بۆمان، وەک پێویست لە بابەتەکە تێناگەین و بیرمان دەچێتەوە".

وتیشی: "ئەگەر بە پراکتیکی بخوێنین ئەوا هەرگیز بیرمان ناچێتەوە و بە ئاسانتر لە بابەتەکە تێدەگەین، بەڵام هیچ گرنگی بە لایەنی پراکتیکی نادرێت لە ناوەندەکان".

بە هەمانشێوە، سەرگوڵ خەلیل، کە خوێندکاری پۆلی 12ی زانستیە لە کەلار، سەبارەت بە کاریگەری نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ناوەندەکان دەڵێت: "بابەتە زانستیەکان پێویستیان بەوە هەیە کە بە شێوەی پراکتیکی بخوێندرێن، بەڵام بە هۆی نەبونی تاقیگەوە تەنها بە تیۆری دەیانخوێنین".

وتیشی: "ئەگەر بە پراکتیکی وانەکان بخوێنین سودی زیاتری دەبێت بۆمان و وانەکانمان بیرناچێتەوە."

یەکێکی دیکە لەو خوێندکارانە باس لەوەدەکات بەو پێیەی ئەو وانانە وانەی پراکتیکین پێویستە بە پراکتیکی بخوێندرێن بۆ ئەوەی وزەی زیاتر بە خوێندکار بدات.

ریاز سەباح، خوێندکاری پۆلی 12ی زانستی لە کەلار، دەڵێت: "وانەکانی (کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی) وانەی پراکتیکین لە بنەڕەتدا پێویستە بەو شێوەیەش بخوێندرێت، بۆ ئەوەی خوێندکار وزەی زیاتر لەو وانانە وەربگرێت".

نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکان هەر کێشەو گرفتی بۆ خوێندکارانی ناوەندەکان دروست نەکردوە، بەڵکو خوێندکارانی زانکۆش هاوشێوەی ئەوانە روبەروی گرفت بونەتەوە.

دانیا سەباح، خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی فیزیایە لە زانکۆی گەرمیان، دەڵێت: "لە مەکتەب زۆر بە کەمی بە پراکتیکی دەمانخوێند ئەمەش گرفتی بۆ من و سەدان خوێندکاری تریشی دروستکردبو، بەڵام ئێستا کە لە زانکۆ بە پراکتیکی دەخوێنین و وانەکان پراکتیکین لە هەمو وانەکانی تر خۆشتر و باشترە کە تیۆرین".

وتیشی: "ئێستا لەگەڵی راهاتوم و بە باشی لەگەڵی دەڕۆم کێشەیەکی ئەوتۆمان نیە، لە زانکۆش دەرفەتێکی باشمان پێدراوە بۆ ئیش کردنمان لە تاقیگەکان و لە سەر ئامێرەکان".

بە هەمان شێوەی دانیا، نیان ئەنوەر خوێندکاری قۆناغی سێیەمی بەشی کیمیا باس لەوەدەکات:"لە قوتابخانە بە هیچ شێوەیەک وانە زانستیەکانم بە پراکتیکی نەخوێندوە، سەرەتای خوێندنم لە زانکۆ روبەروی گرفت بومەوە لە خوێندنی وانەکان بە پراکتیکی چونکە زانیاریم نەبو".

مامۆستایانیش هەمان رای خوێندکارانیان هەیە سەبارەت بە کاریگەرییە نەرێنیەکانی نەخوێندنی وانەکان بە پراکتیکی.

خەبات ئەحمەد، مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی پێباز لە ناحییەی پێباز جەختلەوەدەکاتەوە: "لە ناوەندەکان و لە قۆناغی ئامادەیی ئەگەر خوێندکار ئاشنا نەبێت بە ئەو ئامێر و پێداویستیانەی کە بۆ تاقیگە بەکاردێت، ئەوا کاریگەری خراپی زۆری دەبێت بۆ خوێندکار بەتایبەت بۆ قۆناغی زانکۆی، چونکە لە زانکۆ هەمو بابەتەکان بە پراکتیکی دەخوێندرێت و بۆیان سەخت دەبێت تا ئاشنا دەبن بە کەرەستەکان".

بەهەمان شێوە، سیروان عەلی، مامۆستای زیندەوەرزانی لە قوتابخانەی ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: "ئەگەر وانە زانستیەکان لە ناوەندەکان بە پراکتیکی نەخوێندرێت ئەوا کاریگەری لەسەر خوێندکار دەبێت، چونکە

ئەگەر بە پراکتیکی بخوێندرێت ئەوا خوێندکار تاقەی زۆری دەبێت بۆ وانەکە و بە باشی لێی تێدەگات، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادە سازییەکە بۆ قۆناغی زانکۆ".

مامۆستایەک پێی وایە هەڵگرتنی وانە زانستیەکان لە ناوەندەکان باشترە لەوەی کە بە تیۆری بخوێندرێت و لایەنی پراکتیکی پشتگوێ بخرێت.

سەعدوڵا مەحەمەد، مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی برایەتی لە ناحییەی رزگاری وتی: "نەخوێندنی وانەی پراکتیکی و ئاشنا نەبونیان بە تاقیگە و پێداویستیە زانستیەکان زیانی زۆر بە خوێندکار دەگەیەنێت بە تایبەت بۆ قۆناغی زانکۆی، هەڵگرتنی وانە زانستیەکان لە ناوەندەکان باشترە لەوەی هەر لە سەر وەرەقە بخوێندرێت".

مامۆستایەکی زانکۆ باس لەوەدەکات کاریگەرییە نەرێنیەکانی نەخوێندنی وانە زانستیەکان بە شێوەی پراکتیکی لە زیاتر لە قۆناغی زانکۆ دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت.

عەدنان مەحمود ساڵح، مامۆستای فیزیا لە زانکۆی گەرمیان، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان لە سەر خوێندکاران، دەڵێت: "نەخوێندنی وانە زانستیەکان لە ناوەندەکان کاریگەری راستەوخۆی لە سەر خوێندکار دەبێت، لە قۆناغی ئامادەیی لێی بەدەر ناکەوێ، بەڵکو لە زانکۆ زیاتر لێی بەدیار دەدات، چونکە لە زانکۆ زیاتر بە پراکتیکی دەخوێندرێت وەک لە تیۆری، بۆیە گرنگە کەرتی پەروەردە گرنگی بە لایەنی پراکتیکی بدات و تاقیگە و پێداویستیەکانی دابین بکات".

وتیشی: "دروستکردنی تاقیگەیەک لە ناوەندەکان داراییەکی زۆری ناوێت، ئەگەر بەو پارەیەی کە لە حانوت (فرۆشگا) وەردەگیرێت سێ یەکی تەرخان بکرێت بۆ دروستکردنی تاقیگەیەک و کڕینی پێداویستیەکانی، دەتوانرێت تاقیگەیەکی مودێرن و باشی لێدروست بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەتوانین هاوکارییان بکەین چ لە روی پێداویستی تاقیگەی چ لە روی کردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی بابەتە زانستیەکان".

## 5. هۆکاری نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی لە ناوەندی گوندەکان

ناوەندە ئامادەییەکانی دەرەوەی شار ئەگەرچی وەک تەواوی ناوەندەکانی سەنتەری شار پێویستی بە تاقیگەو پێداویستی تاقیگەی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی بخوێندرێت، بەڵام لە لایەن پەروەردەوە پشتگوێ خراون.

دڵشاد نەورۆز، مامۆستای فیزیا لە قوتابخانەی ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان، دەڵێت: "ئێمە و تەواوی ناوەندەکانی دەرەوەی شار هیچ تاقیگەیەکمان نیە و پێداویستیشمان نیە و بە پراکتیکی ناخوێنین، ئەوەی دەیخوێنین تەنها بە تیۆرییە، ئەگەرچی لە ساڵانی رابردودا پێداویستی بەسەر ناوەندەکان دابەشکرا، بەڵام ناوەندەکانی دەرەوەی شار بێبەش بوین لێی".

وتیشی: "بەس بۆ ئەوەی خوێندکارەکانمان ئاشنا ببن بە هەندێک کەرەستەی فیزیایی، لە سەر ئەرکی خۆم دەچمە ناوچەی پیشەسازی کەلار هەندێک کەرەستە دەهێنم و نیشانی خوێندکارەکانمانی دەدەم، دواتر دەیهێنمەوە بۆ خاوەنەکەی، ئەمەیە شێوازی خوێندنی پراکتیکی لای ئێمە".

مامۆستایەک بە توانجەوە باس لەوەدەکات کە نەک تاقیگەیان نیە بەڵکو بیناکەشیان شیاوی قوتابخانە نیە "خۆزگە ناوەندەکەمان شیاوی ئەوە دەبو تا وانەی تێدا بخوێندرێت چ جا تاقیگە و پێداویستی تێدا هەبێت".

خەلیل عەباس عەبدوڵڵا، مامۆستای کیمیا لە قوتابخانەی ئامادەیی (شەهیدانی زەند ئاباد) لە ناحیەی کۆکس، دەڵێت: "ئێمە هیچ شتێکمان نیە و هیچی تێدا نیە ناوەندەکەمان چ جا زانستیانە وانە بخوێنین".

وتیشی: "ئێمە لە روی پراکتیکیەوە لە (0%)یش بە پراکتیکی ناخوێنین و هیچ پێداویستیمان نیە، تەنها ئەوەی لە کتێبەکەدا هەیە دەیخوێنین و بۆیان روندەکەمەوە بە تیۆری".

ئەگەرچی ناوەندە ئامادەییەکانی دەرەوەی شاریش هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ناوەندەکانی سەنتەری شار، کەچی هیچ پێداویستیەکی تاقیگەییان بۆ دابین نەکراوە.

مەهدی عەبدولکەریم قادر، بەرێوبەری ئامادەیی هەواسان لە ناحیەی مەیدان، دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە هیچ بابەتێکی زانستی بە پراکتیکی ناخوێندرێت، بەهۆی ئەوەی نە تاقیگەمان هەیە نە پێداویستی تاقیگەیی، ئەوەی هەمانە تەنها داتا شۆیەکە، ئەگەرچی لە ساڵانی رابردو پێداویستی تاقیگەی دابەشکرا بەسەر ناوەندەکان، بەڵام ئێمە بێبەش بوین لەوە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە جێگەی تایبەتمان نیە بە تاقیگە".

وتیشی: "مامۆستاکان بە هەوڵی خۆیان هەندێک بابەت ئامادە دەکەن و لە رێگەی داتا شۆوە پێشکەش بە خوێندکارەکانی دەکەن بۆ ئەوەی ئاشنا بن بە هەندێک بابەتی زانستی، بۆیە پێویستە ناوەندەکانی دەرەوەی شاریش گرنگی پێبدرێت و پێداویستی بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی بخوێندرێن".

## 6. بۆچونی بەرێوبەری ناوەندەکانی خوێندن لە سەر نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی

هەرچەندە زۆرینەی بەرێوبەر و مامۆستایان هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر بابەتە زانسیتیەکان بە شێوەی پراکتیکی نەخوێندرێن سودێکی ئەوتۆیان نابێت، بەڵام نەبونی تاقیگە و پێداویستی تاقیگەیی وایکردوە ناچاربن کە ئەو وانانە تەنها بە تیۆری بە فێرخوازان بڵێنەوە.

حەمید رەشید ئیسماعیل، بەرێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (سەردەم) لە کەلار، دەڵێت: "ئێمە بەهۆی بایکۆتەوە ئەمساڵ کەمتر بایەخمان بە لایەنی پراکتیکی داوە، بەڵام بابەتی زیندەوەرزانی هەموی بە پراکتیکی دەخوێندرێت، بەڵام بابەتەکانی کیمیا و فیزیا وەک پێویست ناخوێندرێت و زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت ئەگەر چی سودێکی ئەوتۆی نیە بۆ خوێندکار بە تیۆری".

جەختیکردەوە:"سالانی پێشوتر بە باشی دەمانخوێند، ئەگەرچی هەر گرفتی پێداویستیمان هەیە بەشی هەمو بابەتەکان ناکات وەک پێویست تا بە رادەیەکی باشتر بە پراکتیکی بخوێندرێت".

هۆکاری نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ناوەندەکان بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی پێداویستی لە ناو تاقیگەی ناوەندەکان و ئەمەش وادەکات زیاتر بە تیۆری بخوێندرێن.

عەلی ئەحمەد رەحمان، بەرێوبەری قوتابخانەی (پێبان) لە ناحیەی باوەنور، باسلەوەدەکات: "بەشێوەیەکی پراکتیکی لە ناوەندەکەی ئێمە زیاتر زیندەوەرزانی دەخوێندرێت وەک لە کیمیا و فیزیا، چونکە تاقیگەکەمان پێداویستی وەک پێویست نین، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی خوێندکار درەنگ تێبگات لە بابەتەکە".

رونیشیکردەوە: "لەگەڵ ئەو گرفتانەشدا مامۆستاکانمان دەستەوەستان نەوەستاون و چالاکیان هەبوە لە بابەتی فیزیا وەک هاندانێک بۆ خوێندکارەکان، هەروەها ئومێدی ئەوەشم نیە کە داوای دابینکردنی پێداویستی بکەم لە پەروەردە بۆمی دابین بکەن، چونکە بە هۆی بارودۆخەکەوە هیچ شتێک دابین ناکەن".

کەمبونەوەی دەوامی مامۆستایان و بونی دەوام بە نۆرە (متناوب) هۆکارێکی دیکەی بۆ نەخوێندنی وانە زانستیەکان بە شێوەی پراکتیکی.

هەمزە حەسەن محەمەد، بەرێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (برایەتی) لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "رەوشی بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکانی خوێندن پێش قەیرانی دارایی باش بو، بەڵام لە ئێستادا وەک پێویست نیە و مامۆستایان وەک ساڵانی پێشتر چالاک نین بەهۆی قەیرانی دارایی و بایکۆتەوە، بۆیە لە ئێستادا تەنها بابەتی زیندەوەرزانی بە پراکتیکی دەخوێندرێت، بابەتەکانی تریش بە تیۆری دەخوێندرێت، ئەگەرچی تاقیگەشمان هەیە".

نەخوێندنی وانە زانستیەکان بە شێوەی پراکتیکی تەنها قۆناغی ئامادەیی نەگرتوەتەوە بەڵکو قۆناغی بنەرەتیش هەمان گرفتیان هەیە وانە زانستیەکان نەک بە پراکتیکی ناخوێنن بەڵکو تاقیگەشیان نیە.

بەمۆ حسێن محەمەد، بەرێوبەری قوتابخانەی بنەرەتی (شەم) لە کەلار دەڵێت: "نەک لای ئێمە، بەڵکو لە تەواوی بنەڕەتیەکان بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی ناخوێندرێت و تاقیگەشمان هەر نیە، ئەوەی هەیە هەر بە تیۆری دەخوێندرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد: "هەرسێ بابەتە زانستیەکە کە لە بنەڕەتی بوە بە یەک کتێب بە ناوی (زانستەکان)، یەک مامۆستا ئەو وانەیە دەڵێتەوە ئەمەش گەورەترین گرفتە بۆ خوێندکار، چونکە راستە پسپۆری بابەتەکە وانەکە دەڵێتەوە، بەڵام بۆ هەر سێ بابەتەکە یەک مامۆستا ئەو ئەرکە دەبینێت، هۆکاری ئەمەش کەمی مامۆستای پسپۆرییە بەتایبەت فیزیا، هەروەها یەکێکی تر لە گرفتەکان وەزارەتی پەروەردەیە کە ئەو سێ بابەتەی کردوە بە یەک کتێب لە هەمان کاتیشدا بە تیۆری دەخوێندرێت ئەمەش زیانی بۆ خوێندکار هەیە".

فەوزیە عەلی فارس، بەرێوبەری قوتابخانەی بنەڕەتی (پێشکەوتن) لە کەلار سەبارەت بە رەوشی بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکەیان، دەڵێت: "ئێمە نە تاقیگەمان هەیە نە بە پراکتیکی دەخوێنین، بەڵکو بابەتە زانستیەکان هەر بە تیۆری دەیخوێنین، چی لە کتێبەکە هەبێت باسی دەکەین بۆ قوتابیەکانمان، هەروەها جێگەشمان نیە بۆ تاقیگە بەهۆی زۆری قوتابی لە ناوەندەکەمان تاقیگەکەمان کردوە بە پۆل".

باسلەوەشدەکات: "نەخوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر خوێندکار، چونکە چەند بە تیۆری بابەتەکان شەرح بکرێت وەک ئەوە نیە کە شتەکان بە چاوی خۆی ببینێت، بۆیە گرنگە گرنگی بە لایەنی پراکتیکی بدرێت لە ناوەندەکان بە تایبەت قۆناغی ئامادەیی، هەروەها داواشمان کردوە پێشتر، بەڵام بە هۆی دۆخەکە و نەبونی جێگا بۆ تاقیگە هیچ شتێکمان بۆ نەکراوە."

ئاماژەی بەوەشکرد: "خراپترین سیستەم کە هەر سێ بابەتە زانستیەکانی (کمیا، فیزیا و زیندەوەرزانی) کراون بە یەک کتێب و زەرەرمەندی یەکەم قوتابیانن".

ئەگەرچی بەشێک لە ناوەندەکان نوێ نین و پێش قەیرانی دارایی دروستکراون، بەڵام نە تاقیگەی بۆ دابین کراوە و نە پێداویستی، ئەمەش وایکردوە کە بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی نەخوێندرێت لەو ناوەندانە.

حسێن محەمەد حەسەن، بەرێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (سۆلافی کچان) لە قەزای کفری، دەڵێت: "لە ناوەندەکەی ئێمە جگە لە زیندەوەرزانی 12ی ئامادەیی کە بە پراکتیکی دەخوێندرێت، بابەتەکانی دیکەی زانستی و قۆناغەکانی تریش هەر بە تیۆری دەخوێندرێت، بە هۆی ئەوەی تاقیگەمان نیە و پێداویستیشمان نیە جگە لە زیندەوەرزانی کە هەندێک شتی سەرەتایمان هەیە".

وتیشی: "ناوەندەکەی ئێمە لەساڵی (2012) دامەزراوە پێش قەیرانی دارایی بوە، کەچی هیچ پێداویستیەکی تاقیگەیمان نیە و بۆمان دابین نەکراوە، تەنانەت 2 جاریش بە نوسراوی فەرمی پەروەردەی کفری و گەرمیانیشم ئاگادار کردوەتەوە، بەڵام هیچمان بۆ نەکراوە".

بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندن تاقیگەیان بۆ دابینکراوە، بەڵام گرفتی کەمی پێداویستی تاقیگەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی پراکتیکیان پشتگوێ نەخستوە.

سەباح ئەحمەد، بەرێوبەری قوتابخانەی ئامادەیی (حەمرین) لە کەلار، دەڵێت: "رەوشی بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکەی ئێمە لە روی پراکتیکیەوە باشەو دەخوێندرێت، بەڵام فیزیا کەمترە، لەگەڵ ئەوەش تاقیگەمان هەیە و پێداویستی تێدایە ئەگەرچی کەموکورتی پێداویستیمان هەیە".

جەختیکردەوە: "بەشێوەیەکی گشتی رەوشی بابەتە زانستیەکان لە تەواوی ناوەندەکان لە روی پراکتیکیەوە گرفتی هەیە و لە (70%)ی بە تیۆری دەخوێندرێت و تاقیگەکان کەمتر بەکاردەهێنرێت".

## 7. بۆچونی بەرێوبەرانی پەروەردە لە سەر خوێندنی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی لە ناوەندەکان:

قەیرانی دارایی بە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی نەخوێندنی وانە زانستیەکان بە شێوەی پراکتیکی دادەنرێت، بەشێک لە مامۆستایان باس لەوەدەکەن هیچ هەوڵێک لەلایەن پەروەردەوە نادرێت بۆ کردنەوەی تاقیگە لە قوتابخانەکان یان دابینکردنی پێداویستیەکانی.

عەدالەت لەتیف عوبێد، بەرێوبەری پەروەردەی کەلار، دەڵێت: "خوێندنی بابەتە زانستیەکان لە ناوەندەکانی خوێندن بە پراکتیکی گرنگە و پێویستە گرنگی پێبدرێت، ئەگەرچی گرفت هەیە و وەک پێویست نیە بەهۆی بارودۆخەکەوە دواتر نەبونی تاقیگە و پێداویستیەکانی، ئەمەش وایکردوە زیاتر بە تیۆری بخوێندرێت وەک لە پراکتیکی".

باسیلەوەشکرد: "بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر خوێندکار بۆ قۆناغی دوای ئامادەیی کە زانکۆیە، بەڵام لە ناوەندەکان ئەوەنە گرنگی بە لایەنی تیۆری دەدرێت بۆ تەواوکردنی مەنهەج ئەوەنە گرنگی بە لایەنی پراکتیکی نادرێت، ئەگەرچی گرفتی کارەباش هەیە."

ئاماژەی بەوەشکرد: "بەشێوەیەکی گشتی بابەتە زانستیەکان بە پراکتیکی خوێندراوە لە ناوەندەکان، بەڵام نە لە تموحی خوێندکارانە و نە لە هی مامۆستایەنە و نە لە هی ئێمەشدایە، هەروەها لە ئێستاشدا ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی دارایی هەبێت من ناتوانم هیچ بکەم، بەڵام بۆ لایەنی کارگێری ئەوەی توانیبێتم کردومە".

بەرێوبەری پەروەردەی کفری، پشتڕاستی وتەکانی مامۆستایان و بەرێوبەری قوتابخانەکان دەکاتەوە، دەڵێت: "ئەوەی کە باس دەکرێت و چی دەگوزەرێت لە ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن مامۆستایان و بەرێوبەرەکانەوە سەبارەت بە نەخوێندنی لایەنی پراکتیکی، هەموی راستە، نەبونی تاقیگە و پێداویستیەکانی هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی بە پراکتیکی نەخوێندرێت و زیاتر گرنگی بە لایەنی تیۆری دەدرێت، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی زانستی خوێندکار، ئاستی پێگەشتنیان لە بابەتە زانستیەکان لاواز دەبێت."

ئیسماعیل سەمین، بەرێوبەری پەروەردەی کفری، وتیشی: "سیستەمی دروستکردنی بینا لە ساڵانی پێشوتر تەنها بینا بوە و پۆل دروستکراوە، بیر لە لایەنی زانستی بابەتەکان نەکراوە، بۆیە لە ئێستادا زۆرێک لە ناوەندەکان جێگەی تاقیگەی نیە، هەروەها لە گوندەکانیش تاقیگە نیە و پێداویستیشی نیە و گرنگی پێنەدراوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "من وا تازە دەست بەکاربوم و بەسەر تەواوی ئەم گرفتانەدا هاتوم، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانەش پێویستە پلانێکی تۆکمە هەبێت، هەروەها دابینکردنی بودجەیەکی باش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە

پێویستە بە جدی کاری لەسەر بکات، لەگەڵ ئەمەشدا سالآنە پێویستە تاقیگەکان پێداویستیەکانی نوێ بکرێتەوە بۆ ئەمەش بودجەی دەوێت، بەڵام وا قەیرانی داراییە و هیچ ناکرێت لە ئێستادا".

لە بەرامبەر بونی ئەو گرفتانەی کە لە ناوەندەکاندا هەیە سەبارەت بە خوێندنی بابەتە زانستیەکان، بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، دارا ئەحمەد سەمین، دەڵێت: "لە ناوەندەکانی ئامادەیی سنوری پەروەردەمان گرفت هەیە لە روی تاقیگە و پێداویستیەکانیەوە، ئەمەش وایکردوە کەمتر گرنگی بە لایەنی پراکتیکی بدرێت لە خوێندنی بابەتە زانستیەکان زیاتر بە تیۆری دەخوێندرێت، هەروەها زۆرێک لە ناوەندەکان بەهۆی زۆری خوێندکار ناچار هۆڵی تاقیگەکانیش کراون بە پۆل ئەمەش هۆکارێکی ترە".

وتیشی: "ئێمە ریکخراوەکان هاوکاریمان دەکەن لە روی زۆر گرفتەوە کە لە ناوەندەکان هەیە، بەڵام بۆ لایەنی تاقیگە هیچ دابین نەکراوە لە ئێستادا تەنانەت وەزارەتیش هیچی دابین نەکردوە، هەروەها بایکۆتیش هۆکارێکی ترە و کاریگەری زۆری کردوەتە سەر پرۆسەی خوێندن، ئەمەش وایکردوە کە زیاتر بە تیۆری بخوێندرێت وەک لە پراکتیکی".

سەبارەت بەوەی کە بۆچی تاقیگە و پێداویستی تاقیگەی لە ناوەندەکانی دەرەوەی شاردا بونی نیە؟ بەرێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: "بە پێی رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە قۆناغی ئامادەیی نابێت لە گوندەکان هەبێت، بەڵام لە سنوری خۆمان هەیە، بەدەر لە ئامادەییەکان بنەڕەتییەکانی دەرەوەی شاریش پێویستە پێداویستی تاقیگەی هەبێت، بەڵام نیە".

باسیلەوەشکرد: "لە کاتی خۆی کە پێداویستیەکان دابین کرا لە لایەن وەزارەت و رێکخراوی (یونسکۆ)وە، تەنها بۆ ئامادەییەکان بو بۆ بنەڕەتیەکان نەبو، ئەگەرچی ئەوکات من بەرێوبەری پەروەردە نەبوم، هەروەها لەوەتەی بوم بە بەرێوەبەر هیچ پێداویستیەکی تاقیگەی نەهاتوە و دابین نەکراوە کە گرنگە هەبێت و گرنگی بە لایەنی پراکتیکی بدرێت بەڵام وەزارەت لە ئاستی ئەوە سستە".

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

1. ئەوەی تێبینی دەکرێت کە گرفتێکی گەورە لە سیستەمی خوێندن دا هەیە، سیستەمەکە وەها داڕێژراوە کە بەزۆری تیۆریی بێت و کەمتر بواری پراکتیکی تیایە، کە بواریش هەیە کاری نەکردوە بۆ فەراهەمکردنی زەمینەی پێویست، بۆیە دەبێت لەوبارەوە پێداچونەوە بکرێت.

2. پرۆگرامی خوێندنی بابەتە زانستییەکان، زۆر و درێژن، ئەمەش وادەکات کە سەرباری بونی قەیران و بایکۆت و کێشەکانی تریشەوە، بە ئاسانی تەواو نەکرێن، هەربۆیە زۆرجار پەلە لە تەواوکردنیان دا دەکرێت.

3. ئەوەی لەگەرمیاندا و بەپشت بەستن بەم بەدواداچونە بۆمان دەردەکەوێت، ئەوەیە کە بابەتە زانستییەکان تەنها لەروی چەندێتییەوە جێگای بایەخن نەک چۆنێتی، بەو مانایەی تا چەند زۆرتر بابەت بخوێنی، لەبری ئەوەی تاچەند ئەو بابەتانەی دەخوێنی گەیشتوە بە فێرخوازەکان و لایان چەسپیوە.

4. زۆرینەی قوتابخانەکان کێشەیان لە بونی تاقیگە هەیە، یان بەهۆی زۆری ژمارەی فێرخوازەوە تاقیگەش کراوە بە پۆل، بۆ ئەمەش پێویستە پەروەردەکان پێداچونەوەیەک بکەن و دوبارە دابەشکاریی لە ژمارەی پۆل و قوتابخانەکان دا بکەن، بۆ ئەوەی تەواوی ئامادەییەکان تاقیگەیان هەبێت.

5. لە داهاتودا کە بینای قوتابخانە دروست دەکرێت، گرنگیی بە بونی تاقیگەیەک یان زیاتر بدرێت، بینای قوتابخانە تەنها بریتیی نەبێت لە پۆل.

6. زۆرینەی تاقیگەکان پێویستییان بە کەرەستەو ئامێرە، لە دانانی بودجەشدا، ئەو کەرەستەو ئامێرانە لەدوای هەمو پێداویستییەکانی دیکەوە دێن، ئەمەش گرفتێکی گەورەیە. یاخود پەروەردە دەتوانێت هەندێک ئامێر کە لەروی نرخەوە گرانن، بۆ چەند قوتابخانەیەک دابین بکات و بە نۆرە و هەرجارەو بە قوتابخانەیەکی بدات و پاش تەواوکردنی وانەکانیان بدرێت بە قوتابخانەیەکی تر.

7. نرخی هەمو کەرەستەو ئامێرەکانی تاقیگە زۆریش گران نین کە لە کڕین نەیەن، هەندێکیان نرخەکانیان مەعقولەو تەنانەت بە پارەی داهاتی قوتابخانەکان لە فرۆشگاکانیان، دەتوانن بیکڕن، بۆیە لە بودجەی هەر قوتابخانەیەک دەبێت برێک لەو پارەیە بۆ ئامێر و کەرەستەی تاقیگەو چاککردنەوە "سیانەی ئامێر" تەرخان بکرێت.

8. لە ناوەندەکانی بنەڕەتی دا، تاقیگە نییەو وانەکان بە پراکتیکی ناخوێندرێن، ئەمەش وادەکات ئەو وانانە لەگەڵ وانە وێژەییەکان زۆر جیاوازییان نەبێت و هەمان شێواز بۆ خوێندنی هەردو بوارەکە پەیڕەو بکرێت کە لەبەرکردن "دەرخکردنە". ئەمەش هەڵەیەکی مەنهەجیی و زانستیی گەورەیە، هەندێکجار بە ئیمکانیاتێکی کەمیشەوە دەتوانرێت وانە زانستییەکان تەرجومە بکرێنە سەر بواری پراکتیکی ئەگەر تاقیگەیەکی "متەوازعیش" هەبێت.

9. زۆرجار مامۆستایانی ئەو بوارە، پاساوی نەخوێندنی وانەکان بە پراکتیکی لەکۆڵ خۆیان دەکەنەوەو دەیدەنە پاڵ پەروەردەو قوتابخانەو وەزارەت، کە مەرج نییە هەموجارێک ئەمە هۆکارەکە بێت.

10. جیاکارییکردن لە نێوان قوتابخانەکانی ناو شار و لادێ لە روی بونی تاقیگەو پێداویستیی وانەی پراکتیکەوە، نەنگیی و خەوشێکی گەورەیە، ئەگەرچی بەپێی سیستەمی وەزارەتی پەروەردە نابێت لە گوندەکان دا ئامادەیی هەبێت، بەڵام کە لەگەرمیاندا هەیە، دەبێت لەو روەشەوە رەچاوی پێویستیی بونی تاقیگە بکرێت.

11. پەروەردەکان دەتوانن سود لە ئەزمونی وڵاتانی دیکە ببینن، بەتایبەتی لە مامۆستایان کە لە دەرەوەی وڵات خوێندنیان تەواو کردوەو گەڕاونەتەوە چ بە هەمیشەیی یان بە سەردان، بۆئەوەی سیمینار و گۆفتوگۆی کراوە لەگەڵ مامۆستایانی دیکە ئەنجام بدەن لە بواری بە پراکتیککردنی وانە زانستییەکان.

12. زۆر گرنگە کە وۆرکشۆپ و کۆنفرانسی تایبەت گرێبدرێت، بۆ ئەوەی تاوتوێی ئەم پرسە بکرێت لەنێو مامۆستایانی وانە زانستییەکان و بگەنە گەڵاڵەکردنی هەندێک هەنگاو بۆ ئەوەی ئەگەر هەموشی نەبێت، ئەوا بەشێک لەو وانە زانستییانە بە پراکتیکی بخوێندرێن.

**ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە**

**زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە**

**رێناس ساڵەح، دۆسیەی تەندروستی**

**بۆپەیوەندی:**

07702303676 – 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org